# سینتاپڕاگماتیکی ئامرازەکانی لێکدان لە زمانی کوردیدا

**عمر محمود کریم[١] صلاح حەویز رەسول[٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سینتاپڕاگماتیکی ئامرازەکانی لێکدان لە زمانی کوردی) یە، ئامرازەکانی لێکدان ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدان و بەستنەوەی دانە زمانییەکان (وشە، فرێز و ڕستە) لە زماندا دەبینن . هەروەها بە کرتاندن و لادانی کەرەسە دوبارەبووەکان لە ڕستە لێکدراوەکاندا ڕۆڵێکی ئابوریکردن دەبینن. ئامرازەکانی لێکدان (بەڵام، و، بەڵکو، نە... نە، کەچی ... هتد) جگە لە ئەرکی بەستنەوە و لێکدانی دانە زمانییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی واتا و مەبەستی قسەکەر و بیروبۆچونە جیاوازەکان دەبینن. توێژینەوەکە لە دو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا ڕۆڵی ئامرازەکان لە ڕوی سینتاکسییەوە خراوەتە ڕو، هەروەها باسی شوێنی ئامرازەکان لە ڕستە لێکدراوەکاندا کراوە، کە شوێنێکی جێگیریان نییە، بەڵکو بەپێی مەبەست و جۆری ئامرازەکە شوێنەکەیان لە ڕستە لێکدراوەکاندا دەگۆڕێت. جگە لەوە باسی شیکردنەوەی ڕستە لێکدراوەکان بەپێی بۆچونی دولقە و فرەلقی کراوە، کە لە ڕستەی لێکدراودا ناکرێت هەموو کەرەسەکان بە یەکچاو سەیر بکرێن و لە یەك ئاستدا بن. لە بەشی دووەمدا ئەرکی واتایی هەندێ لە ئامرازە لێکدراوەکان خراوەتەڕو بە تایبەتی لەڕوی ئەو واتا پڕاگماتیکییەی کە ئامرازەکان بەپێی بەکارهێنانیان و بە یاریدەی کەرەستەکانی دیکەی گوتن مەبەستی قسەکەر دەگەیەنن. ئەو واتا پڕاگماتیکییەی کە هەندێ لە ئامرازە لێکدراوەکان دەیگەیەنن زیاتر خۆی لە کردەی قسەیی و لێکەوتەدا دەبینێتەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕو، کە پێی گەیشتوین.

**وشە سەرەکییەکان:** پڕاگماتیك، جوتە ئامرازی لێکدان، کردەی قسەیی، لێکدان، لێکەوتەی ئاخاوتەیی

## ١. پێشەکی

ئامرازەکانی لێکدان لە زماندا ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوی بەستنەوەی دانەکانی زمان و گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا دەبینن. ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەسەر ئامرازەکان کراون زیاتر لە ڕوی پۆلینکردن و دەستنیشانکردنی جۆری ڕستە لێکدراوەکان بەپێی ئەو واتایەی کە ڕستە سادەکان دەیگەیەنن. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین لایەنی سینتاکسی ئەو ڕستە لێکدراوانە بخەینەڕو، کە ئامرازەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن بەپێی شوێن و جۆری ئامرازەکان، هەروەها واتای پڕاگماتیکی لێکدانەکانمان دەستنیشانکردووە، کە ئامرازەکان لە وتە و پەندە کوردییەکاندا ڕۆڵی تێدا دەبینن.

**ئامانجمان** لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، کە هەندێ لایەنی سینتاکسی و پڕاگماتیکی ئامرازەکانی لێکدان لە وتە و پەندی کوردیدا بخەینەڕوو .

### ١.١ ڕێبازی توێژیەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیرەوکراوە .

### ٢.١ خستنەڕوی پرسیارەکانی توێژینەوە

١. ئایا ئامرازەکانی لێکدان هەردولای لێکدراوەکە هاوسەنگ ڕادەگرن، یان شوێنەکەیان لە لایەکی لێکدراوەکە نزیك دەبێتەوە؟
٢. ئایا ئامرازەکانی لێکدان ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا هەیە؟

### ٣.١ ناوەرۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە دوبەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسی ڕۆڵی ئامرازەکان لە بەستنەوە و لێکدانی دانە زمانییەکاندا کراوە، هەروەها شوێنی ئامرازەکان لە لێکدانە سینتاکسییەکاندا دیاریکراوە و جۆری لێکدانەکان دەستنیشانکراون. لە بەشی دووەمدا ڕۆڵی واتایی ئامرازەکان بەتایبەتی ئەو واتا پڕاگماتیکییەی کە ئامرازەکان بەیاریدەی کەرەستەکانی دیکە لە وتە و پەندە کوردییەکاندا دەیگەیەنن باسی کراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٤ نیسانی ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ٣١ ئاب ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: salah.hawez@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ عمر محمود کریم، صلاح حەویز رسول، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

## ٢. ئامرازەکانی لێکدان

لە نوسینەکانی زمان و ڕێزماندا ئاماژە بەو وشە و ئامرازانە کراوە، کە ڕۆڵی لێکدان دەبینن لە زماندا، هەندێ لە ڕێزمانوسەکان ژمارەی ئەو ئامرازانەیان دیاریکردووە، کە لە لێکدانەکاندا بەکاردێن (شوانی، ٢٠٠٢)، هەندێکی تریان باسی ئەو مۆرفیمە سینتاکسییانەیان کردووە، کە لەڕستەی ناسادەدا ئەرك دەبینن و ڕۆڵیان لە بەستنەوەی لاڕستە سادەکاندا هەیە و تێکەڵییەك لە جیاکردنەوەی ئەو وشە و ئامرازانەدا بەدی دەکرێ، کە ئەرك لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا دەبینن. (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥) ڕستە لێکدراوەکان بەپێی ئامرازە لێکدەرەکان جیادەکاتەوە یا بەپێی دەمکاتی ڕودانی کاری لاڕستە لێکدراوەکان پۆلێن دەکات. ئێمە لێرەدا ئامراز و وشەکانی لێکدان بەپێی بەکارهێنانی سینتاکسی و پەیوەندی سیمانتیکی و پراگماتیکی کەرەستەکانی ئەم لێکدراوانە جیادەکەینەوە.

### ١.٢ پێناسەی لێکدان

لێکدان کردەیەکی سینتاکسییە لە دودانەی زمانی یا زیاتر پێکدێت، پێی دەوترێ لێکدراو(Conjuncts) ، بەگشتی کەرەستەیەك (ئامراز، وشە یا فرێزێك) دولا لێکدراوەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم جۆرە کەرەستەیە پێی دەوترێ ئامرازی لێکدەر، یا بەستن، یا دەربڕینەکانی گواستنەوە (وشە یان فرێزەکانی گواستنەوە) (Transitional Expressions Transitional Word Or Phrases).

هاسپلماث بەمشێوەیە پەسنی لێکدان دەکات: (چەمکی لێکدان ئاماژە بەو پێکهاتە سینتاکسییانە دەکات لەوەی کە دو دانەی هەمان جۆر یا زیاتر لەناو دانەیەکی گەورەتردا پێکەوە دەبەسترێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمان پەیوەندی سیمانتیکی لەگەڵ کەرەسەکانی دەوروبەریدا هەیە. (Haspelmath، ٢٠٠٤، ٣٤)

هەمو زمانێك چەند دانەیەك لە ئامرازی لێکدەری گونجاوی هەیە، کە دەکرێ جۆری دانە زمانییەکان (ڕستەکان، پێکهاتەی ڕستەکان، یان ئەو کەرەسانەی لە پێکهاتەیەك بچوکترن، وەك پێشبەندەکان، دیارخەرەکان ...هتد) لێکبدرێن، جگە لەوە ئەو ئامرازانەی بۆ لێکدان و پلەی ڕێزمانییتی بەکاردێن، جیان (Mallinson and Blake، ١٩٨١) کەوابو هەندێ زمان بەهۆی دانەپاڵی ئاسایی لێکدەدرێن، کەچی هەندێکی تر نیشانەی ڕێزمانییان هەیە. بەگشتی زمانی کوردی دەتوانێ ئەوە بچەسپێنێ، کە لێکدانەکانی زۆر ڕێزمانین، هەرچەندە لەوانەیە ئەوەشی بۆ مابێتەوە، کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەندێک لە ئامرازی لێکدەری زمانی کوردی ئەوەیە، کە دەکرێ هەمو جۆرە دانە زمانییەك بەیەکەوە ببەستێتەوە (ناوەکان، ئاوەڵکارەکان، کارەکان، ئاوەڵناوەکان، فرێزەکان، ڕستەکان... هتد) و مۆرفیمەکانی تر ناتوانن ئەوە بکەن، کاتێك کە: ڕ: ڕستە، ف.ن: فرێزی ناوی، ئا.ل: ئامرازی لێکدان، ج. ل: جێناوی لکاو، ئا: ئاوەڵناو، ف.ك: فرێزی کاری، ف.پ: فرێزی پێشناوی، ئاو: ئاوەڵکار بێت . وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

تواناکانی بەکارهێنا (ئا. ل) بەڵام ( ڕ) لە تاقیکردنەوەکە سەرکەوتو نەبو.

واتە (لە ڕویەکی گشتییەوە ڕەگەزە لێکدراوەکان لەوانەیە ڕستە بن، یان فرێزی کاری، یان کەرەسەی ئاستێکی نزمتر بن، کە زاراوەی ( The Conjuncts, Hansen) (Coordinands, Coordinates, Conjoins) یان بۆ بەکارهاتووە. (Ramm &، ٢٠٠٨، ٦) بەم پێیە ڕستەی لێکدراو لە دو ڕستەی سەربەخۆ یا زیاتر پێکدێت، کە بەهۆی:

أ. تاك ئامرازی لێکدەر (Coordinating Conjunction)

ب. جوتە ئامرازی لێکدەر (Correlative Conjunction)

ج.دەربڕینەکانی گواستنەوە (Transitional Expressions)

#### أ. تاك ئامرازی لێکدەر (Coordinating Conjunction)

ئەمانە تەنها بۆ بەستنەوەی ئەو ڕستانە بەکاردێن، کە پلەو پایەی یەکسانیان هیە. "لە ئینگلیزیدا ژمارەیان دیاریکراوە، کە حەوت ئامرازن (For، And، Nor، But، Yet ،Or، So )، کورتکراوەکەی Fanboys دانراوە" (Joshi، ٢٠١٤، ٦).

١.For (چونکە، لەبەر ئەوەی، بۆ ئەوەی، تا، تاکو) بەکار دێ بۆ پەیوەندی هۆ یان مەبەست. (لە کوردیدا ئامرازی گەیەنەرە) نەهات بۆ قوتابخانە چونکە نەخۆش بوو.

٢. And (و) بەکاردێ بۆ دەربڕینی پەیوەندی دانەپاڵ (پێکەوەبەستن). ژن و پیاوێك

٣. Nor (نە) بەکاردێ بۆ پەیوەندی دانەپاڵی نەرێ. (ئەو ئامرازە لە کوردیدا بە جوتە بەکاردێت) نە ئەوەندە ڕەق بە، بشکێی نە ئەوەندە شل بە، بڕژێی.

٤. But (بەڵام) بەکار دێ بۆ دەربڕینی پەیوەندی بەراوردکردن. شەل نییە بەڵام پای شکاوە.

٥. Or (یا) بەکاردێ بۆ پەیوەندی لەجیاتی یا بریتی و هەڵبژاردن. (لە کوردیدا بە جوتە بەکار دێت) یا دانیشە یا بڕۆ.

٦. Yet (کەچی) بەکاردێ بۆ پەیوەندی بەراوردکردن و پێچەوانە. زۆر هەوڵی دا کەچی لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچو.

٧. So (بۆ ئەوەی، تاکو، تا) بۆ پەیوەندی هۆ –کاریگەری بەکاردێت. وەرزش دەکەم بۆ ئەوەی تەندروستیم باش بێت. لەکوردیشدا ئەم ئامرازانە و چەند ئامرازێکی تر بەکاردێن، وەك: (هەروەها، ئەگینا، ئەوجا، ئینجا، ئەوسا، هەرچەندە، بەڵکو، بەشکو، نەك، نەوەکو، نەبادا، نەوەك، ئەگەرچی، یا/یان، تومەز) ئەمانە و چەند وشە و فرێزێکی تر بەشداری بەستنەوەی لاڕستەکان دەکەن، کە دواتر باسیان لێوە دەکەین و بەجیا پۆلێنیان دەکەین.

#### ب. جوتە ئامرازی لێکدان (Correlative Conjunctions)

ئەم ئامرازانە بە جوتە بەکاردێن بۆ بەستنەوە و لێکدانی وشە، فرێز و ئەو ڕستە سەربەخۆییانەی کە لەڕوی ڕێزمانییەوە پلەوپایەی یەکسانیان هەیە، ئەم ئامرازانە بەیەکەوە کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی یەك ئەرك . هەندێك جار لە لێکدانەکاندا جوتێك ئامرازی وەك یەك، یان دو ئامرازی جیاواز ڕۆڵی لێکدانەکە دەبینن.

سەرەڕای لێکدانی دولای پێکهاتەکانی لێکدراو بە ئامرازێکی لێکدەر، زمانەکان ڕێ بە فرەلێکدانیش دەدەن، واتە زیاتر لە دو . ئەمەش یا بەهۆی وێرگوڵە و ئامرازێکی لێکدەر، یا تاکە ئامرازێکی لێکدەر چەندین جار بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەکە (Martin Haspelmath ، ٢٠٠٤). لە زۆربەی زمانەکاندا جگە لە ئامرازی لێکدەرهی کۆتایی دەتوانرێت لە پێکهاتەکەدا ئامرازی لێکدەر لابرێت، کە وێرگوڵەیەك دادەنرێت، ڕۆڵی جێگرەوەی ئامرازەکەیە، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

سەگ، ڕێوی، چەقەڵ، تاژی و گورگ بە پۆلێك ئاژەڵ دادەنرێن .

قاز و قوڵینگ و مراوی هەرسێکیان تەیری ئاوین .

هەرچەندە بە تەمەندا چووە، بەڵام وزەیەکی باشی تێدایە .

### ج. دەربڕینەکانی گواستنەوە (Transitional Expressions) وشە یا فریزەکانی گواستنەوە

دەربڕینەکانی گواستنەوە بۆ ئامادەکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی لۆجیکی نێوان ڕستە و پەرەگرافەکان بەکاردێن، کە یارمەتی گرێدان و پچڕپچڕنەبونی نوسین لە پەڕینەوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەدەن، هەروەها ئەوانە تایبەتن و پەیوەندییە لۆجیکییەکانی نێوان ڕستە و بیروبۆچونە جیاوازەکان بەیەکەوە دەلکێنن (Joshi ، ٢٠٠٤). دەربڕینەکانی گواستنەوە بە شێوەی وشە یا فریز بەکاردێن و لەسەر بنەمای پەیوەندی لۆجیکی (پەیوەندی لۆجیکی خستنەپاڵ، هۆ، بەراورد، جەختکردنەوە، کات و ئەنجام) دەردەبڕێن، وەك وشە و فریزەکانی (سەرەڕای ئەوەش، جگە لە، بەم پێیە، کەواتە، بەم شێوەیە، بۆ وێنە، لەگەڵ ئەوشدا، هەروەها، تا ئەو کاتە، بەم بۆنەیەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە، لەڕاستیدا، بێگومان، لە پاشاندا، لەمەوپێش، لەسەر ئەوەشەوە، سەرەنجام، لەسەرێکی ترەوە، لە بەرامبەردا، واتە، لەکۆتاییدا ... هتد). ئەم وشە و فریزانە ڕۆڵی گرنگ لە بەستنەوەی مەبەستە جیاوازەکانی ڕستە و بۆچوونە جیاوازەکاندا دەبینن، بە پێی ئەو مەبەستانەی ڕستە و پەرەگرافەکان دەیگەیەنن وشەیەك یا فریزێکی گونجاو ئەرکی لێکدانەکە دەبینێت و بابەتەکان بەیەکەوە دەلکێنێ.

### ٢.٢ شوێنی ئامرازە لێکدەرەکان لە ڕستەدا

لە زۆربەی لێکدانەکاندا ئامرازە لێکدەرەکە هەمیشە لەگەڵ یەکێك لە لاکان پێکەوە دەبەسترێنەوە، بەمشێوەیە پێکهاتەکە بەتەواوی هاوتا نابێت. ئەگەر ئامرازەکە لەبەشی پێشەوەی ئەم کەرەسە لێکدراوە بێت، پێی دەوترێ پێشبەند، ئەگەر ئامرازەکە لە دواوەی ئەم کەرەسەیە هات، پێی دەوترێ پاشبەند Postpositive (Haspelmath، ٢٠٠٤). بەپێی ئەم تایبەتییە، زمانەکان بۆ زمانە پێشگرییەکان و زمانە پاشگرییەکان دابەش دەکرێن، بەڵام هەندێ نمونەی تایبەتی ئامرازە لێکدەرەکان و کەرەسە هاوشێوەکانی لە بارەی پەیوەندی شوێنەکەیان بە ڕەگەزە لێکدراوەکانەوە بەتوندی لەسەر یەك هێڵی ڕاست بەیەکەوە بەستراونەتەوە . لە زمانی ئەڵمانیدا ئامرازە لێکدەرەکان پێویستە شوێنەکەی لە ناوەڕاستی لێکدراوەکاندا بێت، کەمێك زیاتر لە ئەوەی لای ڕاست نزیکترە (Ramm & Hansen ، ٢٠٠٨). لە زمانی کوردیدا بەپێی بارەکە دەگۆڕێت، ئەگەر دو ڕستە لێکدراوەکە بە وێرگوڵە جیاکرابونەوە، ئامرازەکە لە کەرەسەی دووەمی لێکدراوەکە نزیکتر دەبێت.

شەونم ماڵەکەی پاککردەوە، یا شیلان ؟

ئامرازە لێکدەرە پاشبەندەکان جۆرەکەیان لە زمانە کار ـ کۆتاکانن Sov و ئەوانەی سەر بە پێشگرییەکانن لە جۆری زمانە کار ـ ناوەند و زمانە کار ـ سەرەتاییەکانە Svo Vso. ئامرازەکە لە ڕوی ڕۆنانەوە دەتوانرێت لەلایەن بەشی یەکەمی لێکدراوەکەوە ڕابکێشرێت . (Baldi& Cuzzolin، ٢٠٠٩) و (Haspelmath، ٢٠٠٤) .

ئامرازی لێکدەر لە زمانی کوردیدا پێرەوێکی دیاریکراوی نییە، لەبەرئەوە لە هەمو شوێنێکی ڕستەدا دەردەکەون، بەپێی تایبەتێتی ئامرازەکەو ئەو دو مەبەستەی بەیەکەوە لێکدەدرێن شوێنەکەیان دەگۆڕێت. لەڕوی لۆجیکەوە چوار جۆری شیاویان دیاری کردووە، کە A و B لەجیاتی ڕەگەزەکان، و Co بۆ ئامرازە لێکدەرەکان دادەندرێت.

**١. (Coa) (B)**

لە زمانی کوردیدا جوتە ئامراز دەتوانێ لە پێشەوەی ڕستە لێکدراوەکان بێت، هەروەها ئامرازی (تا)ش لە سەرەتای ڕستەی یەکەم و ناوەڕاستیشدا دێت. "ئەم ئامرازە بۆ مەبەستی بەیەکەوە بەستنی کاتی ڕودانی کاری ڕستە لێکدراوەکان بەکاردێت" (کەریم، ٢٠٠٨ :٩١)، هەروەها بۆ دیاریکردنی مەودای نێوان دو ڕەهەندیشە. ئەو ڕستانەی لێکدەدرێن بکەری ڕستەکانیان جیاوازە .

تا چێشتەکە کوڵا، ڕۆژنامەکەم بە تەواوی خوێندەوە.

**٢. (Aco) (B)**

هەندێك ئامرازلە لێکدانی دو وشەدا بە وشەی یەکەمەوە دەلکێ هەروەها (لەڕوی فۆنۆلۆجییەوە ئامرازی لێکدەری(و) لەگەڵ ڕستەی پێش خۆی تێکەڵ دەبێت) (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥: ٦٦)

سەری بەرزکردەوەو چاوەکانی پڕبون لە ئاو.

پورە مەنیج ڕەنگوڕوی زەرد هەڵگەڕا، کاتێ کە هەواڵی شەهیدبونی کوڕەکەی پێنگەیشت.

**٣. (A ) (Bco)**

ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، هەندێك پێیان وایە ئامرازی (ش، یش) ڕۆڵی لێکدان دەبینێ و لەو بارانەی ئاخاوتنەکاندا لە کۆتایی ڕستەی دووەم دەردەکەوێت، کاتێ کە ئامرازی (ش،یش) ڕۆڵی لێکدانەکە بینێ، کە فریزی کاری لە دو ڕستە لێکدراوەکەدا وەك یەك بن و بکەرەکانیان جیاواز بێت، کە لە ڕستەی دووەمیاندا توشی کرتان دەبن، (یەکێك یا زیاتر لە کەرەسە هاوبەشەکانی ڕستەی دووەم لادەبرێت، تەنیا کەرستە جیاوازەکان دەهێڵدرێنەوە، ئامرازەکە ڕاستەوخۆ بە کەرەستە جیاوازەکەی ڕستەی دووەم دەلکێ (محەمەدئەمین، ٢٠١٥: ١٨٦) بەمەش ئامرازە لێکدەرەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا لە کۆتایی کەرەسە جیاوازەکەی ڕستەی دووەمەوە دەردەکەوێت، بەڵام (ش، یش) ڕۆڵی جەختکردنەوە دەبینێ وەك لەوەی ئامرازی لێکدان بێت. (ش) ئامرازێك نییە بۆ لێکدانی ڕستەکان بە بەڵگەی ئەوەی هەموو کاتێك ئامرازێکیتری لەگەڵدایە کە ئەرکی بەستنەکەی گرتێتە ئەستۆ (عەلی، ٢٠١٤: ١٣٣) چونکە لە نوسیندا بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە ئامرازێکی تر (و، هەروەها، ...) یا وێرگوڵەیەك لەپێش ڕستەی دووەمەوە دادەنرێت، کە ئەو ڕۆڵە وەردەگرێت، وەك:

ئامانج لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو، منیش لە تاقیکردنەوەکە دەرچووم

ئامانج لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو، منیش.

ئامانج لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو، هەروەها منیش.

هیوا لە زانکۆ مامۆستایە، ئامانجیش.

ئامرازی (ش) ئەگەر لەگەڵ ئامرازێکی تردا بەکاربێت لەناو ڕستەدا، ئەوا بۆ جەختکردن بەکاردێت (شوانی، ٢٠٠٢)

ئارام گۆشت ناخوات، هەروەها منیش.

**٤. (A) (Cob)**

دەرگاکەی کردەوە، بەڵام نەهاتە ژوورەوە .

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا هەندێك پێیان وایە ڕۆنانێکی سێ بەشی هاوتا هەیە، بەمشێوەیە:

**٥. (B) ( Co) (A)**

"ئامرازە لێکدەرەکان بەزۆری لە ناوەڕاستی ڕستە لێکدراوەکەدا دەردەکەون و ناکەونە سەرەتای ڕستەوە" (Salim، ٢٠٠٦، ٢٢٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕستە لێکدراوەکان لە ڕوی واتاو ڕێزمانەوە یەکسان و هاوپایە دەوەستن، بەڵام ئەم جۆرە لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp1-8

هەندێ ڕستەی لێکدراودا بەدی دەکرێت، بۆیە ناکرێت وێرگوڵە لەپێش ئامرازەکەوە دابنرێت، خۆی هاوسەنگییان ڕادەگرێت.

کچەکە شوی پێ نەکرد یا باوکی ناڕازی بو.

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیی ڕستە لێکدراوەکە، ئەوەیە، کە لە ناو ڕستەکەدا لاڕستەکانی ناتوانن بەشداری بە جوڵانەوەی ئامرازەکە بکەن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئامرازەکە تێکەڵ بە ڕۆنانی هیچ کام لە دولا لێکدراوەکە نابێت . کاتێ لاڕستەی A یەکەم بێت و لاڕستەی B دووەم بێت، جوڵانەوەی لێکدراوەکە گۆڕانی وەك ئەمە دەگرێتەوە: BA ⟵ AB

ڕستە لێکدراوەکە ڕێگە بە جوڵانەوەی ئامرازەکە نادات، کە ڕستەی وەك ئەمەی خوارەوە دروست ببێت.

کچەکە شوی پێ نەکرد یا باوکی ناڕازی بوو

*یا باوکی ناڕازی بوو کچەکە شوی پێ نەکرد

**ت. (Coa)(Cob)**

لە کوردیدا ڕۆنانێکی ڕستەی لێکدراو بە بەکارهێنانی جوت ئامراز هەیە، کە ئامرازە لێکدەرەکان هەر یەکەیان پێشەوەی یەکێك لەلاڕستە لێکدراوەکان دەگرن، وەك:

یا دانیشە یا بڕۆ.

نە کتێبەکەی بۆ گەڕاندەوە نە پارەکەشی دایەوە.


## ٣.٢ ئامرازی لێکدەر و ڕۆنانە سینتاکسییەکان

لێکدان ڕەگەزێکی سینتاکسییە، لە دولای لێکدراو یا زیاتر پێکدێت، کە پۆلە ڕێزمانییەکەیان وەك یەکە، بەهۆی ئامرازێکەوە لایەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. ڕستەی لێکدراو دەکرێت بەپێی واتای لا لێکدراوەکان و ئەو ئامرازانەی ڕۆڵی بەستنەوەکە دەبینن پۆلێن بکرێن و جیابکرێنەوە بۆ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك (Conjunctive)وەك: (و)، هەڵبژاردە و جیاواز (Disjunctive) وەك :(یان)، و پێچەوانە (Adversative) وەك: (بەڵام). هەمو ڕێبازەکان وادادەنێن، کە لا لێکدراوەکان پەیوەندییان بە ئامرازە لێکدەرەکەوە هەیە و لە ڕۆنانەکاندا قالبێکی یەکسانیان بۆ دادەنێن . لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ڕۆنانێکی فرەلق پێکدێنن یا هەر بەشێکی بنچینەیی ڕۆنانێکی دولقن ؟ ئەوەی پێویستە بگوترێت، هەردو بۆچونەکە لە(١ – ٥)دا دەخەینە ڕو، کە لە هەندێ نمونەی تایبەتیدا، شوێنی ئامرازە لێکدەرەکە و کەرەسە هاوشێوەکانی لە پەیوەندیی بە لا لێکدراوەکاندا لەسەر یەك هێڵی ڕاست بەتوندی بەستراونەتەوە، واتە هەردو لالێکدراوەکە و ئامرازە لێکدەرەکە لە هەمان ئاست دان و هاوسەنگ دەوەستن. ئەم بۆچونە لە نوسینەکاندا بەرچاودەکەوێت. ئەم جۆرە ڕۆنانە لە زۆر کاری وەك Bloomfield (١٩٣٣)، Dik (١٩٦٥)، Chomsky (١٩٦٥)، Bach (١٩٦٤) دەردەکەوێت .

لە ڕۆنانێکی لێکدراودا، "ئەو دوو پێکهاتەی بەشێك بن لە هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی پێکەوە دەبەسترێنەوە، بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی تری ئەو کەرەسە ڕێزمانییە. ڕۆنانێکی ئاسایی وا بە زۆری وەك دو سەرە لێکدەدرێتەوە، لەکاتێکدا هەر دو کەرەسە(ڕەگەزەکە) پێکبەستراوەکە وەك سەرەی یەکەیەکی گەورەتر ئەرك دەبینن" (Kroeger، ٢٠٠٥، ٢١٨).


(ژنەکە) یا (شێرەکە)

ف. ن: فرێزی ناوی، ئا. ل: ئامرازی لێکدەر، ن: ناو، د: دیاریکەر




هەروەها لە ڕستەی لێکدراودا دو ڕستە(یا ڕەگەز) زیاتر وەك خوشك و هاوسەرەی ڕستەیەکی بەرزتر دەردەکەون . هەر یەکێك لە لقە لاڕستەکان ڕۆنانێکی ناوەوەی ڕستەیەکی سەربەخۆن، نەك لاوەکی ئەوی تریانە. ڕستە لێکدراوەکان بە ئاسایی بەهۆی ئامرازێکی لێکدەرەوە پێکدەبەسترێنەوە، وەك : (و، یا، بەڵام...هتد) وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت . ڕەنگە لە هەندێ زماندا ڕستەی لێکدراو بە ئاسایی بەهۆی خستنە پاڵی دو لاڕستەی سەربەخۆ دروست بکرێت:

ڕ ( ڕ) قەڵەوە بەڵام (ڕ) ڕوح سووکە (ڕ: ڕستە)




جوهانسن پێشنیاز دەکات، کە "لە ڕۆنانێکی لێکدراودا یەکێك لە دانە لێکدراوەکان تەواوکارە و ئەوی تریان بە دیاریکاری ئامرازە لێکدراوەکە دادەنرێت" (Johannessen، ١٩٩٨، ١٠٨). بەپێی ئەو بۆچونە لێکدراوەکان:


**أ.** ڕۆنانێکی دو لقیان هەیە و بەمشێوەیە یەکێك لە لاکان لەڕوی ڕۆنانەوە لە ئامرازە لێکدەرەکە نزیکترە.

**ب.** سەرەی ڕۆنانەکە بە ئامرازە لێکدەرەکە دەناسرێ و ئەو لایەی کە لەڕوی ڕۆنانەوە لە ئامرازە لێکدەرەکە نزیکترە بە تەواوکاری سەرە دەدانرێت و لاکەی تریان بە دیاریکاری (spec) سەرەکە دادەنرێت .

**ج.** پەیوەندی واتایی نێوان لاکان مەرج نییە هاوتا بن، بەم پێیە دەشێ پەیوەندییەکی سینتاکسی نابەرامبەر لەنێوان لاکان لەگەڵ پەیوەندییەکی لاسەنگ لە سیمانتیکدا هەبێت .


**د.** لاکان، لە لێکدراوەکەدا کەرەسەکانیان لەبەرچاو ناگیرێت، دەکرێ پێکهاتەی هەمو ئاستێك بن ( مۆرفیم ـ وشە، وشە،فرێز ) و ئەم سەربەخۆییەی لاکان کاریگەری لەسەر ڕۆنانی تەواوکاریی لێکدراوەکە نابێت.

ئەم بۆچونە لە (١ –٥) و (١ –٦) دا ڕونکراوەتەوە، بەم پێیە لە بۆچونی دولقیدا کاتێك کە ف.ئا: فریزی لێکدەر، ئا: ئامرازی لێکدەر و ئا̄ : فریزی لێکدەری ناوەڕاست بێت، ئەوا:





## ٤.٢ دو لقکردنی پێکهاتەی لێکدراو

ئەو بۆچونەی کە لەلایەن هەندێ زمانەوانەوە پێشنیازکراوە، کە لێکدراوەکان پێکهاتەیەکی دو لقیان هەیە، لەبەرامبەر ئەو بۆچونەی کە دەڵێت: هەمو لێکدانێك ڕۆنانێکی ڕێکی هەیە و کەرەسەکانی لەهەمان ئاستدان، لەکاتێکدا ئامرازە لێکدەرەکە هەردو لاکان بەیەکەوە ڕادەگرێت بێ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر بە ئەوی تریانەوە بەسترابێتەوە . هەردو بۆچونەکە لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:





: (ب)





هەرچەندە ڕۆنانی فرەلقی لە زۆر کاری وەك: (Bloomfield، ١٩٣٣)، (Dik، ١٩٦٨)، (Chomsky، ١٩٦٥)، (Bach، ١٩٦٤) ئاماژەی پێکراوە، تا ئێستاش کاری پێدەکرێت و لە نوسینەکانی لێکداندا بەرچاو دەکەوێت، وەك: (Phillips، ٢٠٠٣)، (Peterson، ٢٠٠٤)، (Johnson، ٢٠٠٨)، (Takano، ٢٠٠٤)، بەڵام لەڕوی زمانەوانییەوە ڕاستییەك بەسەر ئەو بۆچونەدا زاڵە، کە لەڕوی تیۆرییەوە ڕۆنانە دولقییەکان لە (أ) و (آ) دا لە ڕۆنانە فرە لقییەکانی وەك (ب) بە بەرزتر دادەنرێت، (بەپێی لێکۆڵینەوە ئابورییەکان، کە مرۆڤ هەوڵدەدات بە کەمترین وزە هەمو زانیارییەکانی دەربڕێت (Collins، ١٩٩٧، ٧٧). لە زمانی کوردیدا پێشتر لە شیکردنەوەی ڕستەداکار بە بۆچونی فرەلقی دەکرا و تا ئێستا بەردەوامە، شیکردنەوەی دولقە بەباشتر دادەنرێت، چونکە لەبۆچونی فرەلقیدا ڕۆنانە لێکدراوەکان هەمو کەرەسەکانیان لەیەك ئاستدا دەوەستن، ناکرێت هەموو کەرەسەکان بە یەك چاو سەیر بکرێن، بۆیە لە کارە تازەکانی زمانی کوردیدا بۆچونی دولقە پەیرەودەکرێت. بەپێی بۆچونی فرەلقی لە ڕستەی (کاوە و کامەران خانووەکەیان دروستکرد) دا فریزی ناوی بکەری کە لە دو ناوی لێکدراو، لە (شیلان جلەکانی گۆڕی و چو بۆ زانکۆ) دا فریزی لێکدەر لە دو لاڕستە پێکدێن، گرنگییان وەك یەکە و لەهەمان ئاست دان:





بەڵام بەپێی بۆچونی دولقە بەهەمان چاو سەیرناکرێن و ناکرێت لەیەك ئاستدا دابنەدرێن، کە ف گ(Ip): فریزی گیرەکی، ئا. ل̄ (Co) فریزی لێکدەری ناوەند بێت :




دەربارەی جوتە ئامرازی لێکدەر، ئاماژە بە دوبارەبونەوەی ئامرازێکی لێکدەر دەکرێت، واتە دو ئامرازی وەك یەك یان دو ئامرازی لێکدەری جیاواز، کە لە پێش هەر یەك لە لالیکدراوەکاندا دادەندرێت بەپێی مەبەستی ڕستەکان، یا دانە لێکدراوەکان، بەو پێیە ڕستەی (نە پیاوەکە هات نە پارەکەشی نارد) بە بۆچونی فرەلقی دەبێت بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکرێت:




بەڵام لە بۆچونی دولقیدا:




لە هەندێ کردەی لێکداندا وا گونجاوترە پەنابەرینە بەر بنەمای ئابوریکردن لە دوبارەبونەوەی ئامرازی لێکدان، واتە بنەمای خۆپارستن لە ئامرازی لێکدان. "ئەم ڕێگایە بۆ خۆ دەربازکردن لە کەرەسە هاوبەشەکان، کە لە ڕستەی یەکەمدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە و لە ڕستەی دووەمدا لادەبرێن" (حەمەد ئەمین، ٢٠١٥، ١٧٤)، کە "لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی یاساکانی گوێزانەوە بەسەر (ڕۆنان)ێك یا پێکهاتەیەکدا دێت" (ناوخۆش، ٢٠٠٥، ٦٦)، بڕوانە (عەلی، ١٩٩٢) . ئەم بنەمایە دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەرەسانەدا ناڕوات، کە بەهۆی ئامرازی (هەم....هەم، نە....نە) لێکدەدرێن، کە بۆ مەبەستی جەختکردن و تەوکیدکردن بەکاردێن (Hussein، ٢٠٠٦).

ئارام و ئاسۆ و سەیران خوێندکاری زانکۆن.

ئارام، ئاسۆ و سەیران خوێندکاری زانکۆن.

سروە هەم زیرەکە هەم ژیرە.

*سروە زیرەکە هەم ژیرە.

نە پرسیارێك دەکات نە گوێ بۆ کەس ڕادەگرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp1-8

*پرسیارێك دەکات نە گوێ بۆ کەس ڕادەگرێت.

نە ئەو نە تۆ ناڕەزاییتان دەرنەبڕی.

*ئەو نە تۆ ناڕەزاییتان دەرنەبڕی.

یا سەرکەوتن بەدەستدەهێنم یا بێدەنگ دەبم.

سەرکەوتن بەدەستدەهێنم یا بێدەنگ دەبم.

### ٥.٢ لاسەنگی نێوان لالێکدراوەکان لە بەستنەوەدا

لەهەندێ ڕۆنانی لێکدراودا لاسەنگی نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکان لە بەستنەوەدا بەدی دەکرێت. "لە دولقکردنی کەرەسەکانی پێکهاتەیەکدا بەشێوەیەکی گشتی یەکەم لالێکدراو دەتوانێ ببێتە پێشەنگی جێناوێك لە لالێکدراوی دووەمدا، بەڵام لالێکدراوی دووەم بەشێوەیەکی گشتی ناتوانێ ببێتە پێشەنگی لالێکدراوی یەکەم" (Nina Ning Zhang، ٢٠٠٩، ١١). بۆ نموونە: لەم لێکدراوەی خوارەوەدا (ژنەکە و پیاوەکەی) لە (ژنەکە و پیاوەکەی نەهاتن بۆ ئاهەنگەکە) دا، لالێکدراوی یەکەم (ژنەکە) دەتوانێ ببێتە پێشەنگی جێناوی خاوەنێتی(ی) لە لالێکدراوی دووەم (پیاوەکەی)، چونکە دوو فرێزی ناویی هاونیشانەی لێکدراون، کەچی (ژنەکەی و پیاوێك) لەڕۆنانی (ژنەکەی و پیاوەك نەهاتن بۆ ئاهەنگەکە)دا، جێناوی خاوەنێتی(ی) لە لالێکدراوی یەکەمدا (ژنەکەی) ناگەڕێتەوە بۆ لالێکدراوی دووەم (پیاوەك)، چونکە هاونیشانە نین.

بەهەمان شێوە لەم ڕۆنانەی خوارەوەدا، لالێکدراوی دووەم جێناوێکی(Ø)ی تێدایە لە(پێØوە)دا، کە هاوئاماژەیە لەگەڵ (زانکۆی کۆیە) لە لالێکدراوی یەکەمدا.

هیوا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە و شانازیی پێوە دەکات.

## ٣. ئامرازەکانی لێکدان و واتای پراگماتیکی

هەندێ لە ئامرازەکانی لێکدان، جگە لەو ئەرکە سینتاکسییەی کە دەیبینن لە بەستنەوەی بەشەکانی ڕستەدا بەتایبەتی لە ڕستەی لێکدراو و پەندی پێشینانددا، بەجۆرێك لەجۆرەکان واتای پراگماتیکیش دەگەیەنن.

مەبەست لە واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە، کە ناچێتە ناو سیمانتیکەوە، واتە بەشێك نییە لە واتای فەرهەنگی وشەکان و ئەو واتا ڕێزمانییەی کە لە چۆنیەتی ڕیزبونی وشەکان لەناو ڕستەدا بەدەست دێت. ئەگەر واتای پراگماتیکی بریتی بێت لە مەبەستی قسەکەر (Yule، ٢٠٠٠)، ئەوا هەندێ لە ئامرازەکانی لێکدان بەپێی بەکارهێنانیان و بەیاریدەی کەرەستەکانی دیکەی گوتن مەبەستی قسەکەر دەگەیەنن. لڤنسن کردەی قسەیی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە دو بابەتی سەرەکی پراگماتیك دادەنێت لە دەستنیشانکردنی سنوری پراگماتیکدا (Levinson، ١٩٩٧). ئەو واتا پراگماتیکییەی کە ئامرازەکانی لێکدان بەیاریدەی کەرەستەکانی دیکەی گوتن دەیگەیەنن زیاتر خۆی لە کردەی قسەیی و لێکەوتەی باودا دەبینێتەوە.

لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین ئەو واتایە پراگماتیکییە ڕونبکەینەوە، کە ئامرازەکانی لێکدان بەیاریدەی کەرەستەکانی دیکەی گوتن دەیگەیەنن:

**بەڵام**

ئەم ئامرازە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر و بەزۆریش مەبەستی پێچەوانە دەگەیەنێت (ڕەسوڵ، ٢٠١٤)، واتە بە زانیارییەکی نوێ ئەو زانیارییە ڕەتناکاتەوە، کە لەپێش ئامرازەکەدا هاتووە. کاتێ کە یەکێ قسەدەکات و ئامرازی(بەڵام) لە وتەکانیدا بەکاردەهێنێت، ئەوا گوێگر ڕادەمینێت و هەست بەوە دەکات، کە قسەکەر دەیەوێت زانیارییەکی نوێ و پێچەوانەی ئەو زانیارییە بگەیەنێت، کە کەرەستەکانی پێش ئامرازەکە گەیاندویانە. بۆ نموونە:

جوامێر پیاوێکی خواناس و دەوڵەمەندە، بەڵام خێرەوەمەند نییە.

واتای پراگماتیکی یان لێکەوتەی ئەم وتەیە ئەوەیە، کە پیاوی خواناس و دەوڵەمەند دەبێت بەخشندە و خێرەوەمەند بێت. دیارە گەیاندنی ئەم واتایە، بەشێکی ئامرازی (بەڵام) گەیاندویەتی و بەشەکەی دیکەش، کەرەستەکانی دیکەی وتەکە گەیاندویانە. جۆرج یوڵ ئەم جۆرە لێکەوتەیەی بە لێکەوتەی باو Conventional Implicatures ناوبردووە. ئەم جۆرە لێکەوتەیە وەکو لێکەوتەی ئاخاوتەیی نییە، چونکە بۆ هەڵهێنجانی واتا زیادەکە پێویستمان بە دەوروبەری گوتنەکە نییە و واتا زیادەکە زیاتر ئامرازەکان یان وشەکان دەیگەیەنن (Yule، ٢٠٠٠).

نموونەیەکی دیکە:

تۆڵە بەسەبرە، ئەمما(بەڵام) بەزەبرە.

ئەوا گوێگرانی ڕادیۆیەکە ئەو واتا پراگماتیکییەیان(لێکەوتەیە) لێ هەڵدەهێنجا، کە هێزی پێشمەرگە خۆی بۆ چالاکییەکی گەورە ئامادەکردووە و تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. دیارە گەیاندنی ئەم واتایە بەشێکی ئامرازی (بەڵام) گەیاندویەتی.

**هەرچەندە**

ئەم ئامرازەش لە هەندێ باردا ڕۆڵی لە گەیاندنی واتای پراگماتیکیدا هەیە، بەتایبەتی لەو ڕستە و گوتنانەی کە ئامرازی دیکەی وەکو (کەچی) و (بەڵام)ی تێدا بەکاردێت. بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارێك لەدوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بڵێت:

هەرچەندە باشیشم وەڵام داوەتەوە، کەچی کەوتوم.

واتای پراگماتیکی، یاخود لێکەوەتەی ئەم وتەیە ئەوەیە، کە مامۆستا غەدری لێکردووە و حەقی خۆی نەداوەتێ . هەردو ئامرازی (هەرچەندە) و (کەچی) بەشێك لەم واتا پراگماتیکییەیان گەیاندووە و بەشەکەی دیکەش کەرەستەکانی دیکەی ڕستەکە گەیاندویانە.

نموونەیەکی دیکە:

هەرچەندە میللەت لە پارتە دەسەڵاتدارەکان بێزارە، کەچی لەدوا هەڵبژاردندا دەنگێکی زۆریان بەدەستهێنا.

ئەگەر بەپێی بێزاری خەڵك بوایە، دەبو پارتە دەسەڵاتدارەکان کەمترین دەنگ بهێنن، بەڵام ئەنجامەکە پێچەوانە بۆتەوە. واتای پراگماتیکی ئەم وتەیە ئەوەیە، کە زیاتر کردەی (گومان) و (ناڕەزایی) دەگەیەنێت، بەوەی کە چۆن دەبێ میللەت لە پارتە دەسەڵاتدارەکان بێزار بێت و جارێکی دیکەش دەنگیان پێ بدەنەوە. لەوانەشە مەبەستی قسەکەر ئەوە بێت، کە لە هەڵبژاردنەکەدا ساختەکاری کراوە. دیارە ئەم واتا پراگماتیکییە زیاتر ئامرازەکان گەیاندویانە.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە واتای پراگماتیکی ئەو واتایەی کە قسەکەر مەبەستییەتی، ئەوەیە کە قسەکەر دەتوانێ نکۆڵی لێ بکات و بڵێ من مەبەستم ئەوە نییە و مەبەستێکی ترم هەیە، واتە لێی پاشگەز بێتەوە.

هەرچەندە جوامێر کرێکاری دەکات، کەچی هەمو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی خوێندۆتەوە.

بەپێی واتای ڕستە لێکدراوەکان بێت کرێکار وزەیەکی زۆر لەکاردەکات و ماندو دەبێت، کە توانای خوێندنەوەی کەم دەبێتەوە و پێویستی بە پشودانە، بەڵام واتای پراگماتیکی ئەم وتەیەش ئەوەیە، کە چاوەڕوانی ئەوە لەکرێکارێك ناکرێت، کە ئەو

هەمو وزە زۆرەی تێدا مابێت، بۆ ئەوەی هەمو ڕۆمانەكانی بەختیار عەلی بخوێنێتەوە.
لەم نمونەیەشدا هەردو ئامرازەكە ڕۆڵیان هەیە لە گەیاندنی ئەم واتا پراگماتیكییە.

**كەچی**

ئەم ئامرازە هەندێ جار بەتەنها و بەبێ ئامرازی دیكە لە ڕستە و گوتندا بەكاردێت و واتای پراگماتیكیش دەگەیەنێت:

زۆری لێ پاڕامەوە، كەچی هەر ڕۆیشت.

واتای پراگماتیكی ئەم وتەیە، بەتایبەتی ئەوەی كە ئامرازەكە دەیگەیەنێت ئەوەیە، كە پاڕانەوەكە سودی نەبووە و كەسەكە لەسەر ڕای خۆی نەهاتۆتە خوارەوە... .

**بەڵكو**

ئەم ئامرازەش لەهەندێ باردا ڕۆڵی لە گەیاندنی واتای پراگماتیكیدا هەیە، هەروەك لەم نمونەیەدا دەردەكەوێت:

هەژاریی شۆڕش بەرپاناكات، بەڵكو هوشیاریی هەژارانە شۆڕش بەرپادەكات.

واتای پراگماتیكی ئەم وتەیەش ئەوەیە، كە مەرج نییە هەمو كەسێك، كە هەژار بێت، هەست بە هۆكاری برسییەتی و نەبونی خەڵكانی تر بكات و داوای مافەكان بكات، بەڵكو زۆربەی خەڵك ملكەچی ئەو بارە ناهەموارەیە، كە بە سەریدا سەپێنراوەو هەستی پێناكات و بێدەنگە لێی و بیر لە چارەسەركردن و گۆڕینی ژیان و گوزەرانی خۆی و خەڵكانی تر ناكاتەوە، بەڵام خەڵكی هۆشیاری هەژار زوتر لەوە تێدەگات، كە چ هۆكارێك بۆتە هۆی برسییەتی و چەوسانەوە، لەبەر ئەوە خەڵك هۆشیار دەكاتەوەو ئەوەیان بۆ ڕوندەكاتەوە، كە داوای مافە زەوتكراوەكانیان بكەن. ئەوانە ئامادەییان تێدایە، كە لە پێناو سەندنەوەی مافەكانیان ببنە پێشرەو و سەركردەی بەرپاكردنی شۆڕش.

**ئامرازەكانی (نە، نەك)**

بەبۆچونی ئێمە ناكردن، یان نەرێ لە زۆر باردا دەچێتە ناو پراگماتیكەوە، چونكە كاتێ كە قسەكەر زانیارییەك نەرێ دەكات، یان ڕەتدەكاتەوە، ئەوا هاوبەشەكانی دیكەی ئاخاوتن دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری ئاخاوتنەكە و گەنجینەی زانیارییەكانیان تاكو زانیارییە دروستەكە بزانن كە مەبەستە، تەنانەت ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی كە بۆ نەرێ بەكاردێن، بە جۆرێك لە جۆرەكان واتای پراگماتیكی دەگەیەنن. بۆ نمونە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی كۆیە لە بازگەی كۆیە ــ هەولێر، لەسەر لاشەی ئۆتۆمبیلێكی تێكشكاو بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆوە، نوسیویانە:

درەنگ بگەی باشترە لەوەی هەر نەگەی.

واتای پراگماتیكی ئەم وتەیە ئەوەیە، كە شوفێر نابێ پەلەبكات و بەخێرایی زۆر ئۆتۆمبێل لێبخورێت، چونكە درەنگ بگات باشترە لەوەی هەرنەگات، واتە لەئەنجامی تێژڕەوی توشی ڕوداوی هاتوچۆ بێت و گیان لەدەست بدات.

**نە :**

نەهێندە شیرین بە بخورێیت، نەهێندەش تاڵ بە فڕێبدرێیت.

مەبەست لەم وتەیە(پەندە) ئەوەیە، كە پێویستە مرۆڤ لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیدا، یان لە مامەڵەی ڕۆژانەیدا لەگەڵ كەسانی دیكەدا، لە ئاستێكی ناوەندیدا بێت، نە ئەوەندە زۆر خۆی خۆشەویست بكات و بەشێوەیەك خۆی لە خەڵك نزیك بكاتەوە، كە كەسانێك بەكاری بهێنن و بچوكی بكەنەوە و كەسایەتی لە دەست بدەن، هەروەها نە ئەوەندەش مرۆڤێكی بێزاركە و دورەپەرێز بێت لە ڕوداوە كۆمەڵایەتییەكان و تێكەڵ بە خەڵك نەبێت، بەجۆرێك هیچ ڕۆڵێكی كاریگەری نەمێنێت لەناو كۆمەڵ و پشتگوێ بخرێت، بەڵكو دەبێت مرۆڤ لەگەڵ ڕاستییەكاندا بێت و هاوسەنگی خۆی لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا بپارێزێت.

**نەك :**

شەڕ لە شۆ، نەك لە تۆ

واتای پراگماتیكی ئەم وتەیە ئەوەیە، ئەگەر كێشەیەك لەنێوان خەڵكیدا هەبێت، ئەوا پێویستە لەسەرەتادا چارەسەر بكرێت،وەك ئەو نمونەیەی ئەگەر كێشەی زەوی زار لەنێوان دو جوتیاردا هەبێت، ئەوا پێویستە لەسەرەتادا، واتە لەكاتی شۆدانەوە چارەسەربكرێت، نەك لەكاتی تۆكردندا. لەگەیاندنی ئەم واتایەدا ئامرازی (نەك) ڕۆڵی خۆی بینیوە.

نمونەیەكی دیكە:

**و :**

سەبارەت بە زمانی كوردی لە ماددەی چواری دەستوری عێراقی فیدراڵدا هاتووە:

زمانی عەرەبی و كوردی دو زمانی فەرمین لە عێراقدا.

لەم ماددە دەستوریەدا، ئامرازی (و) بە یاریدەی كەرەستەكانی دیكە، پێگەی زمانی كوردی لەڕوی فەرمی بونەوە دیاریكردووە، ئەویش ئەوەیە، كە زمانی عەرەبی و كوردی دو زمانی هاوبەش و یەكسانن لە عێراقدا.

**یان :**

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و دواتریشدا، كورد هەمیشە ئەم دروشمەی دەگوتەوە:

یان كوردستان، یان نەمان

واتای ئەم دروشمە ئەوەیە، یان كوردستان ڕزگاردەكەین، یان لەپێناویدا گیانی خۆمان فیدادەكەین و شەهید دەبین. لەم نمونەیەشدا ئامرازی (یان) ڕۆڵی لە گەیاندنی ئەم واتایەدا هەیە.

## ٤. ئەنجامەكان

ئەنجامی توێژینەوەكەمان لە چەند خاڵێكدا دەخەینەڕو:

١. ئامرازە لێكدەرەكان لە زمانی كوردیدا دور و نزیكییان لە لالێكدراوەكاندا وەك یەك نییە و بەپێی ئامراز و مەبەستە لێكدراوەكان شوێنەكانیان جیاوازی هەیە و شوێنێكی جێگیریان لە ڕستە لێكدراوەكاندا نییە و دەگۆڕێت.

٢. لە بۆچونی دولقەدا ناكرێ ئامراز و كەرەسە لێكدراوەكان لەیەك ئاستدا بن و بەیەك چاو سەیربكرێن، وەك لە شیكردنەوەی فرەلقیدا هەیە، بۆیە شیكردنەوەی دولقە بە پەسەندتر دادەنرێت.

٣. ئامرازەكانی لێكدان ڕۆڵیان لە گەیاندنی مەبەستی قسەكەر و ئەو واتا پراگماتیكییەی كە دەیگەیەنن هەیە، زیاتر خۆی لە كردەی قسەیی و لێكەوتەی (باو/ نەریتی) دەبینێتەوە.

٤. ئامرازەكانی لێكدان، بەتایبەتی ئەو ئامرازانەی كە بۆ نەرێ و ناكردن بەكاردێن، هێزی ڕەوانبێژی زیاتر بەو وتەو پەندە كوردیانە دەبەخشن، كە تێیاندا بەكاردێن.

## ٥. سەرچاوەكان

حەمەد ئەمین، یوسف نوری. (٢٠١٥) ڕستەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا بەپێی یاساكانی گواستنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، ل: ١٧٤.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp1-8

ڕەسول، عەبدوڵا حوسێن (٢٠١٤) ناکردن لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٧٦

ڕەسول، عەبدوڵا حوسێن. (٢٠٠٥) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، هەولێر، ل: ٤٦، ٦٦.

شوانی، رەفیق محەمەد محێدین. (٢٠٠٢) ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل: ٨٨، ٩١.

عەلی، بەکر عومەر. (١٩٩٢) بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر بڵاوەکراوە، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ل: ١٦ .

عەلی، بەکر عومەر. (٢٠١٤) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی ـ هەولێر، ل: ١٣٣.

کەریم، ئاسۆ عەبدولڕەحمان . (٢٠٠٨) ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، ل: ٩١.

ناوخۆش، سەلام. (٢٠٠٥) پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل: ٦٦

Baldi, Ph and Cuzzolin, P. (2009) New Perspectives on Historical Latin Syntax, Volume 1: Syntax of the Sentences, Berlin, p: 445.

Bloomfield, L. (1933) Language. New York. Holt, Rinehart & Winston, p: 185.

Chomsky, N. (1965) Aspects of the theory of Syntax. MTT Press. Cambridge, MA, p: 12 - 13.

Collins, Ch. (1997) Local Economy. Cambridige. MA: MTT Press, p: 77.

Hansen, C, F and Ramm, W. (2008) Subordination versus Coordination in Sentence and Text, University of Oslo, John Benjamins Publishing Co, p: 6, 63 .

Haspelmath, M. (2004) Coordinating Construction in Syntax, John Benjamins B.V. Publishing Co, p: 34, .6 ,5 ,4

Hussein, B, A. (2006) Coordination in Standard English and Kurdish, MA. Thesis, Sulaimani University, p:53.

Johannessen, J, B. (1998) Coordination. Oxford: Oxford University Press, p: 108.

Joshi, M. (2014) Simple, Compound, Complex and Compound _ Complex Sentences, License _Copyright License, p: 6, 12.

Kroeger, P, R. (2005) Analyzing Grammer, Cambridge University Press, p: 218.

Levinson, S.C. (1997) Pragmatics, Cambridge :Cambridge University Press, p: 27 .

Salim, N, H. (2006 (An introduction to English Grammar Syntax, Dar Al-Moutaz, Amman, p: 220.

Yule, G.(2000) Pragmatics, Oxford : Oxford University Press, p: 133, 45.

Zhang, N, N. (2009) Coordinating in Syntax, Cambridge University Press, p: 11